سەید حەکیم ئەرکی بالیەزی لوبنانی لە پتەوکردنی پەیوەندی دووقۆڵی بەرز دەنرخێنێ و پالپشتی عێراقیش بۆ ئاسایش و سەقامگیری لوبنان دووپات دەکاتەوە



ڕۆژی پێنجشەممە بەرواری 25ی ئەیلول بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هەزبەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە بەڕێز عەلی ئەلحەبحاب بالیەزی لوبنان لە عیراق کرد بۆ بینینی تەواوبوونی کاری دیپلۆماسی لە عێراقدا.

لەم دیدارە باسی کارەکانی بالیەزکرا لەگەڵ ئەو ئەرکەی ئەنجامی دابوو لە پێناو پتەوکردن و پێشخستنی پەیوەندی دوو وڵاتی عێراق و لوبنان، سەماحەتی ئەو ئەرکانەی بەرز نرخاند و سوپاسی کردو هیوای سەرکەوتنی لە ئەرکی داهاتووی بۆ خواست.
سەماحەتی سەید حەکیم لەهەمان کاتدا گوتی ئەمن و ئاسایش و سەقامگیری لوبنان لە بەرژەوەندی سەقامگیری ناوچەکەیە و داوای کرد ئاوارەکان بگەڕێندرێنەوە و شارەکان ئاوەدان بکرێنەوە و زیانلێکەوتوانیش لە دەستدرێژی ئیسرائیلی قەرەبوو بکرێنەوە.

لەلایەن خۆیەوە بەڕێز عەلی ئەلحەبحابی بالیەز بایەخی وڵاتەکەی بە پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ عێراق لە سەرجەم بوارەکان دووپاتکردەوە و ئامۆژگاری هاریکاری فروانتر دەکات و خواستی هەردوو گەلی دەست و براش پشتڕاستکردەوە،لەهەمان کاتدا هەڵوێستەکانی عێراقی بە پالشتی لوبنان بەرز نرخاند.